السيد الحكيم يشيد بجهود سەيد حەكيم ستايشى ئەركەكانى نەجەف دەكات لە چارەسەركردنى قەيرانى نيشتەجێبوون و پاڵپشتى پرۆژەكانى گەشەپێدانالنجف في معالجة أزمة السكن ودعم مشاريع التنمية

لەو گۆنگرەی رۆژنامەوانییەی لە بارەگای پارێزگای نەجەفی پێرێز بە ئامادەبوونی پارێزگار یوسف مەکی گناوی ئەنجامدرا، بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانی هەزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت پێرێزبایی جۆرنی غەدیری لەکردن و ڕوونیکردەوە کە نەجەفی پێرێز تایبەتمەندییەکی ئاینی و ڕەشنبیری لەگەڵ حەوزەی زانستی و مەرجەعیەتی بالای ئاینی هەیە، جگە لەوەش مەزاری ئیمامی عەلی (سلاوی لێبێت) هەر لەوێیە.

سەماحەتی جەختی کردەوە کە پێویستە ژەرخانی پارێزگاکە بەرەو پێشتر بڕوات کە لەگەڵ پێگەی و ڕەکانی بگونجێت و ستایشی ئەرکی حکومەتی خەجەی کرد بە دابین کردنی پارچە زەوی کەمکردنەوەی قەیرانی نیشتەجێبوون.

هەروەها جەختی لە پێویستی پاڵپشتیکردنی جووتیاران کردەوە و داوای لە حکوومەتی فیدراڵی و وەزارەتی دارایی کرد کە وەک پێویست شایستەکانیان بە دابین بکەن، بەڕێز سەید حەکیم ستایشی هەوڵەکانی دابینکردنی کارەبای نەجەفی لە ڕەگەی بەکارهێنانی وزەی خۆر کرد و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە گەیینی نەجەف بە پارێزگایەکی بەرهەمهێنەری نەوت و بەدەستهێنانی دەروازەیەکی سنووری، هەروەها ڕایگەیاند، "هەموو ئەمانە کاریگەریی نەجەف زیاد دەکەن و سروشتەکەی لە ڕووی کوالیتی دەگۆڕن"،هەروەها ئامادەیی خۆی بە بەدواداچوونی پرۆژەکان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دووپاتکردەوە.

لە بەرەی سیاسیشدا سەماحەتی ڕوونیکردەوە کە تەواوکردنی کابینەی حکومەت پێویستی بە دانیشتنێکی بەپەلە و ڕاوێژ لە نێوان هەزە سیاسییەکان هەیە و داوای کرد یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان دەربکرێت، کە ئاسەی فراوان بە پارێزگاکان دەکاتەوە لە پشکشکردنی خزمەتگوزارییەکان،هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەستا ئەولەویەت لە چارەسەرکردنی پرسە سەرتاسەرییەکاندایە.

بەڕێزیان ئاماژەی بە بەیاننامەی ئەم دواییەی چوارچێوەی هەماهەنگی کرد کە پشتگیری لە دەوڵەت و حکومەت کرد لە هەوڵەکانیان بە سنووردارکردنی چەک و جێبەجێکردنی یاسای هەزەکانی حەشدی شەعبی، هەنگاوی بەڕێز ئەلسەدری بەرز نرخاند لە هاندانی لیواکانی ئاشتی بە بەشداریکردن لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و هەزەکانی حەشدی شەعبی و ئاماژەی بەوەشکرد کە فراکسیۆن گەلەک هەن کە وەامی ئەم بانگەوازە

دەدەنەوە و فراکسیۆنەکانی دیکەش چاوەڕێی کۆتایی هاتنی تەواوەتی ئەرکەکانی هاوپەیمانی نەودەوەتی دەکەن لە مانگی ئەیلولی ئەمساڵدا بە دەستپێشخەری وەڵامدانەوەی بانگەوازی سنووردارکردنی چەک لە دەوەتدا..